کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
6-5-2007 12:12بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## کلتوری کۆمەڵگاو کوشتنی ئافرەت ... سۆنیا سدیق - بەشی یەکەم

پێویستە دۆسیەی دوعا دانەخرێت، نەك هەر لەبەر دادگایی کردنی ئەو تاوانبارانەی ئافرەتێکی بێتاوانیان کوشت، بەڵکو لەبەر هەموو ئەو ئافرەتانەی ڕۆژانە لەپێش چاوی هەمووان و بە بیانوی شەرەف (غسل العار) لە پەنادا دەکوژرێن یان هەرەشەی کوشتنیان لەسەرە.

کارەساتی دوعا دەبێ ببێتە دەروازەیەك بۆ ڕزگار کردنی کۆمەڵگای کوردستان لەدەست نەرێتێکی خراپ کە سەدان ساڵە هزری کۆمەڵگای ئێمەی داگیرکردووە، ئەویش دیاردەی کوشتنی ئافرەتە و بووەتە بەشێك لە کلتوری کوردەواریمان.

ڕەنگە بۆ کەس سەیر نەبێت گەر بڵێم ڕۆژ نیە لەم وڵاتەی ئێمەدا چەندەها ئافرەت دەکوژرێن بێ ئەوەی بکوژەکان محکوم بکرێن وبدرێنە دادگا. لێرەدا پرسیارێکی گرنگ دێتە پێشەوە: بۆچی ئەم نەرێتە لە کوردستان بەردوامە؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە پێویستە پێشتر لە ڕەگە مێژووییەکانی نەرێتی کوشتنی ئافرەت بە بیانوی شەرەف و بەرگریکردن لە نامووس کرینەوە ڕوون بکەینەوە، هەروەها باس لە چۆنێتی جێگیربوونی لە ناو کلتوری کۆمەڵگای ئێمە لە کوردستان ــ عراق ــ بکەین!

کوشتنی ئافرەت لە سەر شەرەف نەریت و بیروباوەرێکی تایبەتە بە کلتوری عەرەبی (بداوە) وە، لەپێش و پاش سەرهەڵدانی ئیسلام، ئەم نەریتە لە ناوچەکانی بیابان لە عێراق ودەوروبەری زۆر بە فراوانی پەیرەوکراوە، تاکو ئەمرۆش بەردەوامە. ئەگەر چاوێك بەسەر یاساکانی کۆنی عێراق بخشێنین لە پێش ڕژێمی سەدام و ئەوکات و دوای ئەویش، تا دەگەینە سزاکانی یاسای ئەمرۆی عیراق، بۆمان دەردەکەوێ کەوا ئەم نەرێتە بەشێکە لە کلتوری ئەم ناوچەیە، چونکە یاسای سزادانی ئەم تاوانە هیچ گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە، لەگەڵ ئەوەی زۆربەی مادە یاساییەکانی دیکە بەتایبەتی لە پاش ڕوخانی سەدام گۆارنی تیاکراوە.

با چاو بە یاسای سزاکانی عێراقدا بخشێنین، بۆنموونە لە بەشی چوارەم( اسباب الأباحة ) **مادەی ژمارە ـ41ـ** (
لا جريمة اذا وقع الفعل استعمال لحق مقرر بمقتضى القانون ويعتبر استعمالاً للحق .
1ـ تأديب الزوج لزوجته وتأديب ألأباء والمعلمين ومن في حكمه ألأولاد القصر في حدود ماهو شرعاً أو قانوناً او عرفاً ) .
**لە بەشی پێنجەم، بابەتی** (الأعذار القانونية والظروف القضائية المخففة ) **مادەی ژمارە ــ 128 ــ دا هاتووە** ( الأعذار اما ان تكون معفية من عقوبة او مخففة لها ولا عذر الا في الأحوال التي يعينها القانون، وفيما عدا هذه الأحوال يعتبر عذراً مخففاً ارتكاب الجريمة لبواعث شريفة او بناءً على استفزاز خطير من المجني عليه بغير حق.
2 ـ يجب على المحكمة ان تبين في اسباب حكمها العذر المعفي من العقوبة . ) ئیدی مادەکانی ژمارە ـ129، 130، 131... تاوەکو مادەی ژمارە ـ134 ـ هەمووی سوکردنەوەی سزای تاوانی کوشتنی ئافرەتە لە سەر شەرەف وناموس.

لە کتێبی سێیەم بابەتی ( الجرائم الواقعة على الأشخاص ) **لە بەشی یەکەم بابەتی** الجرائم الماسة بحياة الأنسان وسلامة بدنه \ الفصل الأول \ القتل العمد . **مادەی ژمارە – 409 – دا هاتووە** ( يعاقب بالحبس مدة لاتزيد على ثلاثة سنوات من فاجأ زوجته أو اِحدى محارمه في حالة تلبسها بالزنا او وجودها في فراش واحد مع شريكها فقتلهما في الحال او قتل احدهما او اعتدى عليهما او على احدهما اعتداء افضى الى الموت اوالى عاهة مستديمة .
ولايجوز استعمال حق الدفاع الشرعي ضد من يستفيد من هذا العذر ولاتطبق ضده احكام الظروف المشددة .

ئەم مادە یاساییانەی لەسەرەوە باسمان لێوە کرد لە کتێبی یاسای سزادانی (قانون العقوبات) وەرگیراوە پاش ئەو گۆرانکاریانەی بەپێی (سلطة الائتلاف المؤقتة 2003-2005 و حکومەتی ئێستای عێراق کردوونی.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

وەك دەبینین ئەو سزایانەی داندراون سزای بچووکن لە بەرامبەر تاوانێکی گەورەی لەبابەت کوشتنی ئافرەت بڕوانە مادەی ژمارە (409) . لە بارەی لێدان وئازاردانی ئافرەت بڕوانە مادەی ژمارە (41) وەك لە سەرەوە دەقی یاساکان ئاماژەی پێکراوە، ئەم بەڵگە یاساییانە ڕاستییەکمان نیشان دەدەن لە بارەی واقیعی ئافرەت لە عێراقدا کە چەند ستەملێکراو و داماوە. بۆیە تا ئەمرۆ بە حوکمی یاسا لە عێراق هەر پیاوێك دەتوانی هاوسەری خۆی یاخود کەسوکاری ئافرەتی مەحرەم واتا خوشك، دایك، پور.. هتد بکوژی، سزاکەشی ئەوپەڕی سێ (3) ساڵ زیندانە کە دووریش نیە عەفو بکرێ. کارەساتەکە لێرەدا لە دوو خاڵ کۆدەبێتەوە، یەکەمیان ئەم سزایانە دەبنە هۆیەکی سەرەکی بۆ چەوسانەوەو کوشتنی زۆر لە ئافرەتی بێتاوان و ڕەنگە ببنە قوربانی بیروباوەری توندرەو وەك ئەوەی (دوعا) بەسەری هات، یاخود ببنە قوربانی چەند بوختانێکی هەڵبەستراو.

خاڵی دووەم ئەگەر بێت وئافرەت یاخود پیاو کاتێك تووشی لادان دەبن، یاخود لە هەندێك نەریتی باودا لاساری دەکەن، پێویستیان بە سزای یاسایی نیە، بەڵکو پێویستە دەزگای کۆمەڵایەتی فەرمی هەبێت بۆ ئەوەی چاکسازی وچارەسەرکردنی بابەتیانە و مرۆڤانە بۆ ئەم شێوە کێشە کۆمەڵایەتی ومرۆڤیانە بدۆزنەوە. ڕۆڵی یاسا تەنیا بۆ پارێزگاری کردنی گرێبەستەکانی هاوسەرێتییە، بۆ ئەوەی ئەو خێزانانەی کێشەی وایان دێتە پێشێ، لایەنی ئابوری ومیرات ومنداڵ ڕێکبخات.

حکومەتی کوردستان ئەو یاسانەی لە سەرەوە باسمان لێکردن، چاکسازی وگۆڕانی تێداکردوون و لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ و ڕوانگای هاوچەرخدا گونجاندوونی، بەڵام بەداخەوە تا ئەمرۆ بە کردەوە بەباشی جێبەجێ نەکراون. ئەوەش تەنیا حکومەت لێی بەرپرسیار نیە بەڵکو هاوکاری و چاکسازی کۆمەڵگاشی پێویستە.

لە بەشی دووەمی ئەم بابەتە دێمە سەر باسی ئەم لایەنە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.